www.kurdistannet.org
09/06/2002 13:21

**نامەیەکی کراوە بۆ سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان**

**ئایا حکومەتی هەرێمی کوردستان تا دەربەندی بازیانە**

**یان تا بانی مەقان؟**

**عارف قوربانی**

لە شەوی ٢٦-٢٠٠٢/٤/٢٧، تەلەفزیۆنی (خاك) لە بەرنامەیەکیدا گەشتێکی بەنێو چەمچەماڵدا کردو، چەندین هاووڵاتی ئەم شارەی دووانە، دەربارەی کێشەو گیروگرفت و کەموکورییەکانی چەمچەماڵ .

ئەوەی لە قسەی هاوڵاتیاندا پێشکەشکەری بەرنامە گەڵاڵەی کردو، ئاراستەی سەرۆکی شارەوانی چەمچەماڵی کردەوە، ئەوە بوو کە (خەڵکی چەمچەماڵ پێیان وایە حکومەتی هەرێمی کوردستان تا دەربەندی بازیانە) ، سەرۆکی شارەوانی چەمچەماڵیش لە (٨٠٪) ی لایەنگری ئەو قسەیەی کردو، لە کۆتایی بەرنامەکەشدا (رەنج سەنگاوی) پێشکەشکەری بەرنامەکە ئەویش گەیشتە ئەو قەناعەتەی کە ئۆباڵی ئەو فەرامۆش کردنە دەزگا بەرپرسەکان و وەزارەتەکانە زیاتر لەوەی پەیوەندی بە ئیداراتی چەمچەماڵەوە هەبێ .

ناکرێ هەروا وەك قسەیەکی سادەو ساکار لەو بۆچوونە بروانرێت و ئاسایی بێت بەلای حکومەتەوە کە قەزایەکی پێی وابێ خێرو بەرەکەوت و رەحمەتی ئەم حکومەتە نایگاتێو لە لێواری تاشەبەردەکانی دەبەرندی بازیاندا کۆتایی دێت، لەکاتێکدا مەملەکەتێکی ستەمدیدەو لەش ئەنجن ئەنجن لە نێوانی دەربەندی بازیان و بانی مەقاندا ئەژین .

رەنگە ئەو قەناعەتەی خەڵکی چەمچەماڵ دەرئەنجامی ئەو فەرامۆشکردنەی چەندساڵی رابردووی بێ . بەتایبەتی لەکاتی بەرەی کوردستانیو دوای بەرەو تا جێبەجێکردنی بریاری ٩٨٦و هەندێك دواتریشدا . چونکە ئەو مەسەلە ترسناکەی تەلەفزیۆنی (خاك) وروژاندی دەمێکە لەسەر زاری خەڵکی چەمچەماڵدایە . ساڵانێکی زۆرە خەڵکی چەمچەماڵ گیرۆدەی شەڕێکی تایفەگەری ناوخۆیی بوون و دەیان هاووڵاتی بێگوناه بوونە قوربانیو چەمچەماڵ زۆرترین زەرەرمەندو سوتەمەنی ئەو کێشەیە بوو، وەك پێویست چارەسەری بۆ نەکراو باجەکەی خەڵکی چەمچەماڵ ئەیدایەوەو پشت گوێ خرابوو .

ساڵانێکی زۆرو پێم وایە ئێستاش وایە کە کاسبکارانی چەمچەماڵ لە سلێمانییەوە کەل و پەلیان بۆ سەر عەرەبانەو دووکانەکانی خۆیان دەکڕیو کە دەیانهێنایەوە بەرەو چەمچەماڵ لە گومرگی سلێمانی دەبوو دووقات باج بدەن و بە ئاشکرا دەیانگوت چەمچەماڵ لە یاسای گومرگیدا دەرەوەی هەرێمی کوردستانە . ئەمانەو زۆری تریش وای کردبوو کە خەڵکی چەمچەماڵ ئەو رەئیە خراپەیان لا بچەسپێو لە هەناوی شارەکەدا گینگڵ بدات .

ئێمەش کە کەم تا زۆرێك ئاهلی قەڵەم بووین و دەمانتوانی لەپەنای چوار شتیترەوە گلەیی ئەوەش بکەین کە چەمچەماڵ فەرامۆش کراوەو پێویستی بە ئاوڕ لێدانەوەیەو لەژێر لێوەوە ئەو قەناعەتەی خەڵکی چەمچەماڵمان دەخستە سەر رووپەڕی رۆژنامەکان . تا وامان لێهات لە هەندێ جێگادا هەندێ رۆژنامەنووس پێمان بڵێن (ئەمانە رۆژنامەنووسی ناوچەیین و هەرچیان هەیە هەر لەسەر شارۆچکەکەی خۆیانەو زۆر بەپرسیش پێمان بڵێن ئەمانە تەسك بیر دەکەنەوەو بە عەقڵیەتی ناوچەییو شارچێتی مامەڵەمان لەگەڵ دەکەن) . .

ئەوەی ئێمە دەماننووسیو دەمانووت حەقیقەتێك بوو ئێمە دەمانویست بە زمانی گوڵ بیدرکێنی. بەندە سەرجەمی ئەو بابەتانەی کە خۆی لەو چوارچێوەیەدا دەبینێتەوەو لە رۆژنامەکاندا نووسیوومەو بڵاوم کردۆتەوە گەر کۆی کەمەوە بایی کتێبێکە لە بارەی چەمچەماڵەوە .

بەڵام وەك چۆن هەندێك پێیان وایە کە لەم وڵاتەدا رۆژنامە ناخوێنرێتەوە . خەریك بوو ئێمەش تووشی نائومێدی بین و بگەینە قەناعەتەکەی ئەوان .

www.kurdistannet.org
09/06/2002 13:21

بەڵام كاتێ تەلەفزیۆنی (خاك) هات و ئەم قسەیەی خەڵكی چەمچەماڵی لە زمانی هاووڵاتییان و سەرۆكی شارەوانی هەڵبژێردراوی چەمچەماڵەوە گواستەوەو لەنێو سلێمانیو ناوەندی دەسەڵاتدا ئەم قسەیەی دا بە گوێی ئەوانیشدا. . ئیتر ناكرێت هەڵوەستەی لە ئاست نەكرێت. .

ناكرێت ئیتر حكومەتی هەرێمی كوردستان بیر لەوە نەكاتەوە كە ناحیەی شۆڕش كە پێهاتەی دانیشتوانەكەی پاشماوەی ئەنفال و شەهیدانن و بەشمەینەتترین خەڵكی ئەم كوردستانەن و زۆرینەیان ئەو خەڵكە لادێنشین و هەژارە بوون كە تا ساڵی ١٩٨٨، جادەی قیریان نەبینی بوو. . ناكرێت دوای ١٢ساڵی ئازادیو تەمەنی حكومەتی كوردیو دوای ٦ساڵی جێبەجێكردنی بڕیاری ٩٨٦ هێشتا ئەم هاووڵاتی‌یە لەو ئۆردوگایەی لێی دەژین (جادەی قیری لێ نەبێ) و زۆریان سەریان نایەوەو (قیر) یان نەبینی. .

ناكرێت ئیتر حكومەت لای ئاسایی بێت لە كۆی ئەو (٤٠) چل هەزار هاووڵاتیەی شۆڕش كە لانی كەم (١٠) هەزاری لە تەمەنی لاوێتی‌دایە بنكەیەكی گەنجانی تیا نەبێ چوون سەنتەری گەنجانی سلێمانیو بادینان. .

ناكرێت ئاسایی بێت بەلای حكومەتەوە كە لە سەردەمی زانست و ئینتەرنێتدا دەژین و وا خەریكە ژمارەیەكی بەرچاوی ماڵەكانی سلێمانی كۆمپیوتەرو ئینتەرنێت دەبەنە ژوری نوستەكانیشیانەوە. . بەڵام شۆڕشێكی خاوەن زۆرترین قوربانی بۆ ئەم شۆڕش و حكومەتە تاكە كۆمپیوتەرێكی تیا نەبێ. . ! ناكرێت لە شارێكی ژێر دەسەڵاتیدا بەهەشتی شار دروست بكات و لە شۆڕش و چەمچەماڵیش تاكە باخچەیەكی تیا نەبێت. . ئاو نەبێ بیخۆنەوە. .

هەموو ئەمانەو زۆریش، زووتریش باسمان كردوەو وا ئێستایش باسی دەكەینەوەو لە ئایندەشدا هەر دەیانخەینەوە ڕوو. . گەرچی هەندێ شتی باشیش كراون بەڵام لە ئاستی پێویستیی ناوچەكەدا نەبوون و نین. .

بەڵام ئەوەی جێی خۆشحاڵییەو ئەمجارە بەدیویكی‌تردا هەڵوەستەی دەویێ ئەوەیە كە شەوی ٧-٨/٥/٢٠٠٢ لە بەرنامەی (پەیڤین) ی كەناڵی ئاسمانی (كوردسات) دا كە سەرۆكی حكومەت بەرەوڕووی چەند پرسیارێكی ڕۆژنامەنووسان بووەوە. . لە وەڵامدا چەند نمونەیەكی لەسەر چەمچەماڵ هاتەوە كە لە گوزەرانێكی خراپدا دەژین. ئەوەی بۆ ئێمە جێگای خۆشحاڵییە ئەوەیە كە بەڕێزتان كاتێ باسی شەڕی ناوخۆو داهاتتان كرد، وتتان: "خەڵكی چەمچەماڵ چی‌داوە لە كێشەی پارتیو یەكێتی بۆ ئێوە بگلێن لە كێشەی ئەوان و بێ پارە بن و لە بەشمەینەتی‌دا بژین"، لە شوێنێكی‌تریشدا كە باس لە پرۆسەی ئاشتی كرا، (ئەجواو باشە، بەڵام چ ئەجوائێك هەیە كە خەڵكی چەمچەماڵ بێبەش بێت لە داهاتی هەرێمی كوردستان) .

ئەزیزم سەرۆكی حكومەت. . ئەوەی كە بەلای ئێوەوە چەند ساڵە مەبەست بوو ئەوەبوو كە ئەو ڕاستیە تاڵەی ژیانی كۆمەڵایەتیو سیاسی چەمچەماڵ بگەیەنینە ئێوە. . كە ئێستا ئێوە خۆتان گەیشتنە ئەو قەناعەتەی چەمچەماڵ بكەن بە نمونەی بەشمەینەتترین خەڵكی كوردستان. . لێرەوە كاری ئێمە (تەمام شود) و كاری ئێوە دەست پێدەكات.

بۆیە پێشنیاز دەكەم كە (١٥) ڕۆژ هەر ڕۆژەی وەزیرێكتان با لای ئێمە دەوام بكات و لە نزیكەوە ئاگای لە حاڵمان بێت و دەستێك بە شان و شەوكەوتی دەزگاكانیشدا بهێنن و هەندێك ڕێكی بخەنەوە. . ! با خەڵك ئەو بۆچوونە پڕ مەترسی‌یە لەدڵ و دەروونی بسڕێتەوە كە حكومەتی هەرێمی كوردستان تا دەربەندی بازیانە. . با هەست بكەن تا بانی‌مەقانە. .

پێشنیاریش دەكەم لەو داهاتەی بەڕێزتان باستان كرد لەكۆی (٣٦٥) ڕۆژی ساڵ داهاتی یەك ڕۆژی هەرێمی كوردستان تەرخان بكەن بۆ تەواوكردنی پرۆژەی ئاوی دوكان- چەمچەماڵ. .

ئەمانەو زۆری‌تریش. .

ئێمە چاوەڕوانی هیمەتتانین. . ئێمە هەموو كرێكارو كارگوزارو خزمەتكاری ئەم حكومەتەین و ئێوەش فەرموون لە دەرگای دەربەندی بازیانەوە بێنە ئەمدیوودا.